دواسەرنج



# کەرکوکیش ئێوە خۆش!

ئارام گەردی

دوای ریپۆرتەکەی دیمستۆرا هەنبەر ماددەی ١٤٠ و گەڕانەی ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان، ئەوە رای تایبەتیی خۆمە، کە ئەستەمە تازە کەرکوک بگەڕێتەوە باوەشی کوردستان. ئەو دیمستۆرایە کە قەراج و مەندەلی پێ رەوا نەبێت بۆ هەرێم، ئەی گوایە وا بە ئاسانی دەستی لە کەرکوک بەر دەبێت! دوای ئەو وەزعە، نوکە وا هەست دەکەم، کە کەرکوک و ئەو ناوچانە، هی دیمستۆرا بن، نەك گەلی کورد.

لەوەتەی یوئێن دامەزراوە، هاتبێتە نێو هەر کێشەیەك بۆ یەکلاکردنەوەی، ئالۆزتری کردووە، ئەوەتا نموونەکانی بیابانی رۆژئاوای نێوان ئەمازیغی و عەرەبەکان، کێشەی هەردوو قوبرس، پرسگرییەکانی زیمبابۆی، چاکترین وانەی فەشەلی ئەو دەزگایەن، بۆ چارەسەرکردنی ململانێکان. بەکورتی بەهۆی زەبەلاحیی ئەمەریکا و هاوکێشەی سەختی تر، کەس ... بە کڵاوی یوئێن هەر ناپێوێت، ئەوە ئێمەی کوردی قوڕبەسەر و ساویلکەین، دیمستۆرا دەکەینە، سەنگی مەحەکی بڕیارە چارەنووسسازەکانمان!!

بارزانی نەمر دەفەرموێت: " **کەرکوک ئەگەر کوردێکیشی تیا ما بێت هەر کوردستانە**"، کەچی دەسەڵاتی کوردستان، بەبێ ئەوەی حیساب بۆ باکگراوندی جیۆپۆلەتیکی ئەو شارە بکات، دەیخاتە نێو پرۆسەیەکی قومارسازییەوە، ئاخر بەپێی ماددەی ١٤٠ بێت، ئەگەر زۆرینەی دەنگ لە پرۆسەیەکی ریفراندۆمدا لەگەڵ ئەوە نەبوون، کە کەرکوک بگەڕێتەوە سەر کوردستان، ئەوا کەرکوک، بای بای. دە باشە دەردی عەبدوڵا پەشێو گوتەنی: ئەوەیان قومار کردن نەبێت بە چارەنووسی کەرکوک، چی ناو دەنێن؟!

نازانم، ئێوەش دەرکتان بەوە کرد یان نا؟ لەگەڵ دەرچوونی قۆناخی یەکەمی ریپۆرتەکەی دیمستۆرا، چەکە قەرەبووەکانی مەخمور و شەنگاڵ و ناوچەی تر گەڕانەوە، هیچ گومانێکم نییە، کە ئەوەیان تاکتیکێکی ستراتیژی نێوان حوکومەتی مالیکی و دیمستۆرا بن، تا دەسەڵات و خەڵکەکە بە پارە مژوڵ بکەن. بەینی خۆشمان بێت، کورد بە پارە هەر فێڵێکت بوێ لێ دەکەی.

ئەوەی زیاتر مایەی سەرسوڕمان بوو، کاردانەوە شەرمنەکەی دەسەڵاتی سیاسیی بوو دەرحەق ئەو ریپۆرتە، ئاخر قوربان دەرکردنی بەیاننامەیەکی نارەزایی، کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی، ئەوپەڕی تەسلیمبوون و چۆکدادان نییە! گوڵم دەبوایە بەلای کەمی، خۆنیشاندانێکی ملیۆنی، بڕژێتە نێو شەقامەکان، بۆ پرۆتستۆ کردنی ئەو بڕیارە قێزەونەی دیمستۆرا، بە رای ئێوە ئەو بێدەنگیی و هەڵوێست وەرنەگرتنە، نابێتە هۆی دەرکردنی بڕیاری ترسناکتر بۆ قۆناخەکانی تر!

پێم وایە ئەو شەڕە گەورانەی لەسەر گرێبەستە نەوتییەکان و بودجە و شتی لابەلای تر دەکرێت، هیچ گرینگییەکی ئەوتۆی نییە، لەگەڵ ئەو شەڕە دیپلۆماسییەی کە پێویستە بۆ کەرکوک و ناوچەکانی تر و داهاتووتییان بکرێت، ئاخر هیچ دوور نییە، لە کۆتایی بەهۆی کەرکوک تووشی شەڕێکی خوێناوی بین، کە داماك و داناگاز و کۆمپانیا هاوشانەکانیان نەك هەر پشتگیریکەرمان نابن، بەڵکو جانتای سەفەرکردنیان لە چرکەی یەکەمەوە، رووە و وڵاتەکانیانە.

لەوانەیە بڵێن: بە هوتافی گەورە گەورە و قسەی سۆزداری و حەماسی، کەرکوک ناگەڕێتەوە سەر کوردستان، بەڵکو بە بڕیاری حەکیمانە، نیشانەی خۆمان دەپێکین. نازانم ئەگەر لەسەر کەرکوک داخی دڵی خۆمان هەڵنەرێژین و رەخنەی پێ لەدەسەڵات نەگرین، لەسەر چ مەسەلەیەکی تر قسەمان دەبێت، قابیلە شتێك هەیە لە کەرکوک و چارەنووسەکەی پیرۆزتر.

گەر ئاشتیت دەوێت پێویستە خۆت بۆ شەڕ ئامادە بکەیت*، ئەوەیان شتێکی حەتمییە کە پێویستە ئێمە خۆمان بۆ ئەو شەڕەی کەرکوک ئامادە بکەین. چونکە بەربەرەکانی سەرسەختی عەرەبە فاشیی و رەگەزپەرستەکان و بێدەنگیی ئەمەریکا و هاوپەیمانان ( بۆ راگرتنی باڵانسی کورد و عەرەب)، کەرکوکمان لەچاو نوقانێکدا لەدەستدەدات، ئەوەشیان ئەوپەڕی دڕدۆنگییە، کە پێشبینی بکرێت، کەرکوك بە سیاسەتێکی دیپلۆماسی دەگەڕێندرێتەوە، قابیلی هیچ گفتۆگۆیەك نییە، شەڕێك بەرۆکمانی گرتووە، نەکردنی لە شارێکی پیرۆزمان دەکات.

* وتەیەکی چینییە.